

# ژن بوونی ئەمیرە

نووسەر

ڕۆزا حەمە ساڵح

کتێبخانەی (PDF)

# ژن بوونی ئەمیرە

رۆزا حەمە ساڵح

<u>پێناسەی کتێب</u>

ناوی کتێب: ژن بوونی ئەمیرە

بابەت: چیرۆک

نووسەر: ڕۆزا حەمە ساڵح

چاپ: دیجیتاڵ

ساڵی چاپ: 2022

ژمارەی چاپ: یەکەم

کات نزیک نۆی سەر لە بەیانییە، ڕۆژێکی سارد و سەرمایەکی زۆر سەختە، دار و بەردی زەویی بەستوویەتی، لە پاڕکێکی نزیک ماڵەکەماندا و لەسەر کورسییەکی دار، کیژێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش، پەری ئاسا، کزومات دانیشتبوو، وادیار بوو هێشتا بیست ساڵەی تەمەنی تێنەپەڕاندبوو، سەرپۆشە ڕەشەکەی سەری شەڕی لەگەڵ چاوەکانی دەکرد، پاڵتۆیەکی درێژی لەبەرکردبوو، سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکێشام.

سڵاوێکم لێکرد، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسك، کە دیار بوو بە زۆر خۆی ڕاگرتبوو، بە هێمنی گوتی: ئەم بەیانیەی من باش نییە، بە بیستنی تەنها ئەو چەند وشەیە تێگەیشتم کە زمانی هۆڵەندی بە باشی نازانێت.

- چاوەڕوانی کەسێك دەکەیت؟

- نەخێر.

- ئەی بەم بەیانییە ساردە لێرە چی دەکەیت؟

- ناتوانم بە زمانی هۆڵەندی وەڵامت بدەمەوە.

سەرنجی سەرپۆشەکەیم دا، بۆیە ئەو هەستەم لا دروست بوو کە دەکرێت موسڵمان بێت و خەڵکی یەکێ لە وڵاتە عەرەبییەکان بێت.

- دەکرێت بزانم لە چ وڵاتێکەوە هاتوویت؟

- مەغریب.

- کەواتا دەتوانین بە زمانی عەرەبی پێکەوە بدوێین.

- بەڵێ، ئای چەند پێویستە ئەوەی لە ناخمدایە بۆ کەسێکی دەرببڕم.

دەستی سڵاوم بۆ درێژ کرد و خۆمم پێناساند، ئەویش دەستە ساردەکەی خستە ناو دەستم و خۆی بە ئەمیرە ناساند.

- ئەمیرە ناوێکی خۆشە، بە واتای شازادە دێت و خۆشت شازادە ئاسا جوان و ناسکیت.

ئەمیرە خۆی پێڕانەگیرا و دەستی کرد بە گریان.

- ماڵی ئێمە لێرەوە نزیکە، ئێرە زۆر ساردە با بڕۆین.

ئەمیرە دوو دڵی و ڕاڕایی پێوە دیار بوو لەوەی لە گەڵمدا بێتەوە ماڵمان، لە ڕوانینی تێگەیشتم کە مەغریبی ناڕۆنە ماڵێکی بێگانە، ئەگەر بێت و  پیاوی ماڵەکە لە ماڵ بێت.

- هاوسەرەکەم لە ئیشە و منداڵەکانیشم لە قوتابخانەن، بە تەنها خۆم لە ماڵم.

- زۆر باشە.

ئەمیرە هەستا و پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

- چەند گەرم و خۆشە ماڵەکەتان!

- دەزانی منیش زۆرم سەرمایە و دەرەوە زۆر سارد بوو.

- هەر زۆریش سارد بوو.

ئەمیرە ڕاستەوخۆ کەوتە دەربڕینی ئازارەکانی، گوتی:

لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە لە ماڵ دەرچووم، زیاتر لە کاتژمێرێک بەپێ ڕۆیشتم و دواجار لەو پاڕکەدا دانیشتم، بە نیازبووم بڕۆم، بەڵام وەک ئەوەی شتێك لە ناخمدا پێمبڵێت کە زیاتر بمێنمەوە، لەوە دەچێت خوای گەورە تۆی بۆ من ناردبێت بۆ ئەوەی گوێم لێبگری، دڵم زۆر تەنگە و هیچ کەس شکنابەم دەردی دڵی خۆمی لا باس بکەم.

بەر چایی بەیانی هەر لە سەر مێزەکە بوو، دوو قاوەم دروستکرد، هەرچەندە پێداگری کرد لەوەی هیچ شتێك بخوات و بخواتەوە، بەڵام زۆرم لێکرد بەوەی کە شتێك پێکەوە بخۆین.

گوتی: من قاوە ناخۆم، پێی تێك دەچم، ئەگەر هەبێت ئەوا چایەك دەخۆمەوە، بەپەلە چایەکم بۆ دروست کرد، تەنها دوو پارووی خوارد.

دەرکەوت کە دووگیانە و توشی دڵ تێکهەڵاتن دەبێت، بۆیە ناتوانێت زۆر بخوات.

بە دەرونێکی ماندوو، دڵ و دەستێکی تەزیو، وردە وردە کەوتە سەر گێڕانەوەی خەمەکانی، گوتی:

تەمەنم ( ١٩) ساڵە و هاوسەرگیریم کردووە، هاوسەرەکەم ناوی یوسفە و تەمەنی (٣٠) ساڵە، بۆ ماوەی چوار مانگە هاتوومەتە وڵاتی هۆڵەندا، بەڵام هێشتا هیچ کۆرسێکی زمانم وەرنەگرتووە، من خۆم لە نەتەوەی (بەربەر)ی وڵاتی مەغریبم، زمانی عەرەبیم لە قوتابخانە خوێندووە، قۆناغی ناوەندیم بە پلەیەکی زۆر باش تەواو کرد، ویستم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم و بڕۆمە زانکۆ، بەڵام باوکم و براکانم نەیانهێشت، پێیانگووتم چیتر پێویست ناکات بخوێنیت.

داهاتووی کچ ماڵ و مێردەکەیەتی، ئێستا کوڕێکی باش هاتۆتە خوازبێنیت و دەتبات بۆ وڵاتی هۆڵەندا، ئەگەر ئەوکات هاوسەرەکەت ڕێگەت پێبدات ئەوە دەتوانی لەوێ درێژە بە خوێندنەکەت بدەیت.

ڕاستی لە سەرەتاوە داکۆکیم کرد لەوەی کە نامەوێت هاوسەرگیری بکەم، بەڵام براکانم لێیان دام و هەڕەشەیان لێکردم بەوەی ئەگەر بەم هاوسەرگیرییە رازی نەبم، ئەوا ئەستەمە بتوانم لە ماڵ بچمە دەرەوە، ناچار کرام بەوەی کە ڕازی بم، هیچ بژاردەیەکی دیکەم لە بەردەمدا نەبوو، پێشوتر هاوسەرەکەم نەبینیبوو، بەڵام وا دیار بوو ئەو لە ڕێگای ڕۆیشتنم بۆ خوێندنگاکەم منی بە باشی بینی بوو.

لە دوای دوو ڕۆژ مەلایان هێناو و مارە کرام و ئاهەنگێکی خێزانیان ساز کرد و چەند وێنەیەکیان چرکاند، بۆ ئەوەی کاروباری فەرمیم لە هۆڵەندا بۆ بکات، هەرچەندە هیچ هەستێکی خۆشەویستیم بۆی نەبوو، بەڵام لە ناخی خۆمدا دەمگوت لەوانەیە ئەم کوڕە بیرکردنەوە و عەقڵیەت و تێڕوانینی بۆ ژن وەك خەڵکی مغریب نەبێت و جیاوازتر بیربکاتەوە، بەو پێیەی کە چەند ساڵێکە لە ئەوروپا دەژی.

هەمیشە دایکم پێیدەگوتم خۆشەویستی لە دوای هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت، چ کولتوور و چ ئاینمان ڕێگە بە کچ نادات لە دوای خۆشەویستیکردن هاوسەرگیری بکات، ئەو قسەیەی دایکم کە هەر لە منداڵییەوە زوو زوو دەیدا بە گوێما ئەو هەستەی لادروست کردبووم کە خۆشەویستیکردن بۆ کچ  بە تاوان و ئابڕوو چوون ببینم.

لە دوای ئەوەی کە مارەکرام، چەند جارێک داوام لە براکانم کرد، بۆ ئەوەی  لەگەڵ دەزگیرانەکەم  پێکەوە دابنیشین و زیاتر یەکتر بناسین.

بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەدەبوون و دەیانگوت: دانیشە، بزانە حەیامان نابەیت، قسەی خەڵكیش ناهێنێتە سەرمان، ئەوەتا دێت بۆ ماڵمان و دەتوانیت بیبینیت.

لە ڕاستیدا چەند جارێك هات بۆ ماڵمان، بەڵام هەمیشە لەگەڵ باوكم و براكانمدا دادەنیشت، تەنانەت ژمارە تەلەفۆنەكەشی هەر لای ئەوان بوو.

ئیدی دوای ماوەیەکی کەم یوسف گەڕایەوە بۆ هۆڵەندا، بۆ ئەوەی كاروباری فەرمیم بۆ بكات، چەند جارێك تەلەفۆنی بۆ ژمارەی براكەم دەكرد، هەر لە دوای سڵاو كردن، براكەم تەلەفۆنەكەی لە دەستم وەردەگرت و نەیدەهێشت زیاتر قسە بكەین، هەستم دەكرد كە ئەویش حەز دەكات زیاتر قسەم لەگەڵ بكات، بەڵام هیچ چارەیەك نەبوو، براكەم پێیدەگوتم سبەی كە ڕۆیشتی بۆ لای بۆ خۆتان هەر قسە بكەن.

لە دوای چەند مانگێك مافی پەنابەریم بۆ دەرچوو، ئەوە بوو دەبوایە بە تەنها گەشتم بكردایە، یەكەم جارم بوو كە سواری فڕۆكە بم، بەلامەوە گۆڕانكارییەکی نوێ بوو لە ژیانمدا، لە ناخی خۆمدا دەمگوت دەبێت یوسف منی زۆر خۆش بووێت بۆیە کاتێک کە گەڕایەوە بۆ مەغریب لەناو ئەو هەموو كچانەدا منی هەڵبژارد.

هەرگیز لە ژیانمدا  خۆشەویستیم نەكردبوو، هەر بۆیە وردە وردە هەستم بۆی دەجولا و گەشبین بووم بەوەی كە داهاتوویەکی باش چاوڕوانم دەكات.

هەر بەدەم خەیاڵەکانمەوە کات زوو تێپەڕی و فڕۆکەکە وردە وردە نیشتەوە، هەستم بە ترپەی دڵم دەکرد کە زۆر خێرا لێدەدا و شەرم ناخمی داگیر کردبوو، دەمگووت دەبێت چی بکەم و چۆن ڕەفتار بکەم کاتێك یوسف دەبینم.

ئەوە بوو کاتێک لە فرۆکەکە دابەزیم، یوسف لە گەڵ ژن و کچێکدا هاتن بەرەو پێشوازیم، یوسف دەستی سڵاوی ڕاکێشا و تەوقەی لەگەڵ کردم.

دایك و خوشکەکەی پێناساندم، ئەوانیش لە ئامێزیان گرتم و ماچیان کردم.

کاتێك کە لە مەغریب بووم بۆیان باس کردم کە یوسف لەگەڵ دایك و خوشکێکیدا پێکەوە دەژین، بەڵام وێنەیانم نەبینیبوو.

ئەو کاتەشی کە هاتەوە بۆ مەغریب لەگەڵ ماڵی خوشکە گەورەکەیدا کە لەوێ دەژیان، هاتنە خوازبینیم.

لە فرۆکەخانە هاتینە دەرەوە و یوسف ئۆتۆمبێلێکی بچووکی پێبوو، من و خوشکەکەی ڕۆیشتینە دواوە و دایکی لە پێشەوە سەرکەوت. دایکی زوو زوو ئاوڕی بۆ دەدامەوە و دەیگوت:

یوسف ماشاالله ژنەکەت چەند جوانە و ئەمە گەوهەرە دەستی تۆ کەوتووە و دەبێت تۆش ئیتر ببیت بە پیاوێکی باش و ئەوەندە هاوڕێیەتی کەسانی خراپ نەکەیت، ئەم تورەیی و دەمارگیریەت لەبیر بکەیت و دڵت بە ماڵ و حاڵت خۆشبێت.

خوشکەکەشی ساڵێك لەمن گەورەتر بوو، هەر سەیری دەکردم و پێدەکەنی وادیاربوو بە هاتنم دڵخۆشبوو، لە دوای نزیکەی کاتژمێرێك گەیشتینەوە ماڵەوە، دایکی دەرگاکەی کردەوە، پێیگوتم:

بەخێربێت بۆ ئەم ماڵە خنجیلانەیە، هەر چەندە خانووەکەمان بچووکە، بەڵام ئێوە کاتی لێرەن و ئەوەندە نابات یوسف خانوو وەردەگرێت و دەچنە خانووی خۆتان.

لە دوای دانیشتن دایکی بانگی کردم بۆ چێشتخانەکە:

ڕۆڵە ئەمیرە وەرە کارم پێتە، منیش هەستام و چووم بۆ لای، دەستی کرد بە قسەکردن هەندێك باسی خەڵکی وڵاتی هۆڵەندای بۆ کردم، گوتی: تۆ هاتوویت بۆ ئەم وڵاتە و دەبێت زۆر بەئاگا بێت، ئێرە وڵاتی کافرستانیە و خەڵکی ئێرەش زۆر حەزیان بە ئێمەی موسڵمان نییە و دەبێت زۆر بەئاگابین لە تێکەڵاوی کردنیان، یوسفیش باشە کاری خۆی هەیە، هەموو بەیانییەک زوو دەڕوات و کاتژمێر (٥)ی ئیوارە دەگەڕێتەوە، ڕۆژانی پشووش لەگەڵ هاورێکانیدا دەڕواتە دەرەوە، تاوەکو ئێستا ژنی نەبووە و بەو شێوەیە ژیانی گوزەراندووە، بەڵام ئێستا کە تۆ هاتوویت و دەبێت کارێك بکەیت کە بەهیچ شێوەیەک نەتوانێت دەستبەردارت ببێت و بە جێتبهێڵێت و بەبێ تۆ نەڕواتە دەرەوە.

ئەوەش بزانە لێرەش کچی مەغریبی زۆرن، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو کە لەوڵاتی خۆمان ژن بهێنێت، ئەوە بوو کچە گەورەکەم تۆی بۆ دەستنیشان کرد، هەرچەندە سەرەتا یوسف دەیگوت من تاقەتی کچی مەغریبیم نییە و حەزم بەچارەیان نیە، بەڵام من و خوشکە گەورەکەی زۆرمان لێکرد.

یوسف کەسێکی میهرەبانە، بەڵام یەك نەنگی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زوو تورە دەبێت، ئیتر خۆت دەزانی پیاوی مەغریبی هەموویان هەروان، منیش سەرێکم بۆ لەقاند و گوتم: ڕاست دەکەیت باوك و براکانی منیش هەروان و زۆر بەزویی تورە دەبن..

ئەم قسانەی دایکی کە کردی بە تەواوی دڵی توند کردم، غەم دایگرتم، دواتر دایکی گوتی: ڕۆڵە ماندوویت لەسەفەر بوویت، برۆ لە ژورەوە و لای یوسف دابنیشە، منیش بە شەرمێکەوە ڕۆیشتم و لە تەنیشتی دانیشتم، دیسانەوە دڵم کەوتەوە پەلەکردن، هەر کەمن دانیشتم یوسف ڕۆیشتە ئەولاوە و تەلەفزیۆنەکەی هەڵکرد.

بەبێدەنگی تەماشای تەلەفزیۆنی دەکرد، لە ناخی خۆمدا گوتم لەوە دەچێت ئەویش شەرم بکات، منیش نەم دەزانی چی بکەم لە شوێنی خۆمدا نوقمی خەیاڵ بووم، لەو کاتەدا هەستێکی ناخۆشم هەبوو، تەنیایی و غەریبی ناخی تەنیبووم، تامەزرۆی بینینی دایکم و لە ئامێزگرتنی بووم.

دایکیشم لەماڵەوە بەدەست باوکمەوە ژیانێکی خراپی دەگوزەراند، زۆر دەیشکاندەوە و هەمیشە قسەی ناخۆشی لە ڕوو دەدا، لەو ماڵەدا گوێ بۆ قسەی دایکم نەدەگیرا و هیچ بڕیارێک لە دەستی ئەودا نەبوو، باوکم و براکانم بڕیاردەری سەرەکی ژیانم بوون.

دایکم کەسێکی بەخشندە و میهرەبان بوو، من تەنها کچی ئەو بووم، بۆیە وەك هاوڕێم وابوو، هەرگیز شەرمم لێنەدەکرد و هەموو شتێکی خۆمم بۆ باس دەکرد، تەنانەت ئەو کاتەشی کە گوتم من نامەوێت هاوسەرگیری بکەم، بە تەنها ئەو پاڵپشتم بوو، زۆر هەوڵی لەگەڵ باوکم دا بۆ ئەوەی پاشگەزبێتەوە بەڵام بێهودە بوو.

ئەو ڕۆژەی من گەیشتمە وڵاتی هۆڵندا ڕۆژی شەمە بوو..

دایکی یوسف خوانی ئامادەکرد و هێنایە سەر مێزەکە، بانگی ئێمەی کرد، منیش هاتم و لەتەنیشت دایکی دانیشتم، دڵم زۆر توند بوو، هیچم بۆ نەدەخورا، بە زۆری دایکی دوو پارووم خوارد.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا لەدوای نان خواردن یوسف دەمبات بۆ دەرەوە و تۆزێ پێکەوە قسە دەکەین، یوسف هەر وەك من ئەویش دوو پارووی خوارد، گوتی:

دایکە من دەبێت بڕۆمە دەرەوە، هاوڕێکانم چاوەڕوانمن (دیار بوو زۆر بەپەلە بوو بۆ ئەوەی بڕواتە دەرەوە).

دایکی پێیگوت: ڕۆڵە ئەمرۆ مەڕۆ دەرەوە و ئەمیرە هاتووە و لەگەڵ ئەودا بۆ خۆتان بڕۆن پیاسەیەك بکەن، بەڵام یوسف هەر گوێشی نەگرت و یەکسەر ڕۆیشت و زۆر بە توندی دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست.

دایکی لەژێر لێوەوە هەندێك قسەی کرد، هەردوو دەستی بەرز کردەوە و نزای کرد، گوتی: خودایە هیدایەتی ئەم کوڕەم بدەیت و بیکەیت بە پیاوێکی باش.

وا دیاربوو  دایکی بەو دۆخە زۆر بێتاقەت بوو، دەستی لە نان خواردن هەڵگرت، سەنای کچی پێیگوت: دایکە نانەکەت بخۆ، یوسف هەر ڕۆژانی شەممە و یەکشەمە دێت ئەمە ڕەفتاریەتی و لەماڵ دانانیشێت دایکیشی لە وەڵامدا گوتی: ڕۆڵە ئیدی ئێستا ژنی هێناوە و دەبێت باش بێت، وەك جاران هەڵسووکەوت نەکات.

لە ناخی خۆمدا کەوتمە گلەیی و گازندە دەربڕین، گوتم خودایە بۆ دەبێت چارەنووسم وابێت؟

ئەوان هەستان و خواردنەکەیان کۆکردەوە، منیش بەبێئاگا لە شوێنی خۆم دانیشتبووم، سەنا گوتی ئەمیرە هەستە بڕۆ سەر قەنەفەکە لەوێ پشوو بدە، هەستام و ڕۆیشتم لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، دایکی و سەنا هاتنە لامەوە و هەندێك پرسیاری مەغریب و کەس و کاریان لێکردم، منیش وەڵامم دانەوە، دواتر سەنا هەستا و ڕۆیشتە ژورەکەی خۆی و دایکیشی گوتی: ڕۆڵە هەستە با بتبەمە ژورەکەی خۆتان، منیش زۆر هیلاکم و دەمەوێت پشوو بدەم.

لەگەڵ دایکیدا هەستام و ڕۆیشتین بۆ ژوورێک کە لەنهۆمی دووەمی خانووەکەیان بوو، پێگوتم: ڕۆڵە تۆش بۆ خۆت پشویەک بدە، بەڵکو یوسفیش زوو بگەڕێتەوە.

دایکی ڕۆیشت و منی بە تەنها بەجێهێشت، ژوورێکی گەورە و سامناک لە دوو لاوە پەنجەرەی تێدابوو، شەوێکی باراناوی، دەنگی هەورە تریشقە هەموو خولەکێک ڕایدەچەڵکاندم، زۆر دەترسام و هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ئارام بنووم، بەهیچ شێوەیەک کاتم لێنەدە ڕۆیشت، زۆر پێویستیم بەباوەشی گەرم و پر لەسۆزی دایکم بوو، بەدەم هەنسك و گریانەوە خەو بردمییەوە و دەنگی هەورە تریشقەیەکی زۆر بەهێز دیسان ڕایچەڵەکاندم، سەیری کاتژمێرم کرد لە (١٢)ی شەو نزیک بۆتەوە، ماڵیش زۆر بێدەنگ بوو، هەموو نوستبوون، چیدی نەمتوانی بخەومەوە، ترس ناخی گەمارۆ دابووم، ئەو شەوەم بە ساڵێك لێڕۆیشت.

کات بوو بە(٥)ی بەیانی، کاتێکم زانی دەنگی دەرگای دەرەوە هات و زۆر بە توندی دەرگاکە داخرایەوە، بە گۆرانی گوتن و دەنگێکی بەرزی تەپەی پێ، دیسانەوە ترسێکی یەکجار زۆر دایگرتم، وردە وردە دەنگەکە لێم نزیك دەبوویەوە، لەو کاتەدا دڵم کەوتە لێدانێکی بەپەلە و هەموو گیانم دەلەرزی، هەرچۆن بێت خۆم هێورکردەوە و چاوەکانم لەیەک نان و خۆم کردە خەوتوو، کاتێکم زانی گڵۆپی ژورەکە هەڵکرا، یوسف بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد:

ئەمیرە نوستویت؟

هیچم نەگوت وەك دڕندەیەکی برسی بەربووە گیانم، بۆنێکی زۆر پیسی لێدەهات، دیاربوو زۆری خواردبوەوە و مەست بوو.

دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، بەوەی کە وازم لێبهێنێت، بەڵام وازی لێم نەدەهێنا، هەرچەندە هەوڵمدا، بەڵام نەمتوانی خۆم لەژێر دەستی ڕزگاربکەم، لە پڕ هەستم بە ئازارێکی یەکجار زۆر کرد،

لە هۆش خۆم چووم، بەسەر هەل هەلەی دایکیدا وە شوکرانەی بۆ خودا بەئاگا هاتم.

ئەو ڕەفتاری دایکی یوسفم پێ سەیربوو، کە بۆ ماوەی بیست ساڵە لە ئەورووپا دەژی، کەچی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانی هەر وەك ژنەکانی مەغریب وان.

هاتە لامەوە و لێفەکەی لەسەرم لادا، وا دیار بوو بە دوای شتێکدا دەگەرا، من بێئاگا و گێژ و ماندوو لەوەی کە شەو نەنوستبووم و جگە لەو ئازارە سەختەی کە پێمگەیشتبوو، دایکی گوتی:

- بۆ هیچ شتێك نابینم؟

- وەك چی؟

- خوێن.

لە مەبەستی تێگەیشتم، بەڵام خۆم بێدەنگ کرد و هیچم نەگووت. ئەو پێش من ڕۆیشتە خوارەوە، منیش بە دوایەدا ڕۆیشتم،

سڵاوم کرد یوسف هەر وەڵامیشی نەدامەوە، وەك ئەوەی گوێی لە هیچ شتێک نەبوو بێت، هەستم کرد دایکیشی وەك ژنە بە سۆزەکەی دوێنێ نەمابوو، ئەویش ڕوخساری گۆڕابوو تەنانەت بۆ بەر چا خواردنیش بانگی نەکردم.

لە ناخی خۆمدا گوتم ئەی خودایە هێز و توانام پێببەخشە بۆ ئەوەی بتوانم زاڵبم بەسەر خۆمدا و بە ژیرانە هەڵسوکەوت بکەم، ڕۆیشتمە لای یوسف و لەتەنیشتی دانیشتم، یەکسەر هەستا و ڕۆیشتە ئەولاتر، ئەو ڕۆژەم بەبێ هیچ قسەکردنێک بەرێکرد.

یوسف دیسانەوە بە تەنها ڕۆیشتە دەرەوە، بەڵام شەو زووتر هاتە ماڵەوە، دەبوایە ڕۆژی دواتر کار بکات،

ڕۆیشتمە ژورەکەمان و ئەویش بە دوام کەوت، داوای لێبوردنی لێکردم بەوەی کە شەوی ڕابردوو بێئاگا بووە بۆیە بەو شێوەیە ئازاری داوم.

دواتر پێیگوتم:

- تۆ زۆر کچێکی باشیت، بەڵام لەئێستادا زۆر قورسە بۆ من کە بتوانم خۆشەویستیت پێببەخشم، ڕاستی من نەمدەویست هاوسەرگیری بکەم، بۆ ئەوەی دایکم دڵگران نەکەم بۆیە بەم هاوسەرگیرییە ڕەزامەند بووم، هەرچەندە من کەسێکی دەمارگیرم و زوو تورە دەبم، بەڵام مرۆڤێکی بەسۆزم بەتایبەتی بۆ دایکم، کە لەدوای مردنی باوکمان وەك دایك و باوك وابووە بۆمان، بۆیە کاتێک تۆیان بۆ دەستنیشان کردم نەمتوانی قسەی دایکم ڕەتبکەمەوە.

- ئەی من چ تاوانێکم کردووە تا بەم شێوەیە لەگەڵتدا بژیم؟

- تۆ ئێستا بنوو.

بەم شێوەیە چەند ڕۆژێکم لەگەڵیدا گوزەراند، هەرچەندە پێیگوتبووم کە ناتوانم خۆشەویستیت پێببەخشم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست کاری سەرجێگەیم لەگەڵ بکات، هەر جارێك کە دەیویست سێکسم لەگەڵدا بکات، لەتاو ئازار نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم، ڕاستەوخۆ لەهۆش خۆم دەچووم، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی لە بەرامبەرم زیاتر ڕوو گرژ بێت و بەکەسێکی ناتەواو بمبینێت، وەك ئەوەی نەنگییەکی گەورەم هەبێت.

کات بەو شێوەیە تێپەری، لەدوای دە ڕۆژ دایکی بە گرفتەکەی نێوانمانی زانی، ئیدی بڕیاریاندا کەسەردانی پزیشك بکەم.

ئەوە بوو ڕۆیشتین بۆ لای پزیشك، دکتورێکی ژنی هۆڵەندی زۆر باش بوو. کاتێك خەسووم گرفتەکەی بۆ دکتۆرەکە باس کرد، بەچاوێکی بەزەییەوە تەماشای کردم، پشکنینی بۆ کردم، پێیگوتن کە دیواری پەردەی کچێنیم بە تەواوی داخراوە و دەبێت بە نەشتەرگەری لاببرێت، دکتۆرەکە دەستی هێنا بە سەرمدا و تەماشای خەسوومی کرد، گوتی من زۆر بەباشی لەکولتووری ئێوە تێدەگەم و زۆریشن ئەو کچانەی کە ئەم گرفتەیان هەیە، چۆن توانیویەتی ئەم ماوەیەی پێشوو بەرگەی ئەو ئازارە سەختە بگرێت، من لە قسەکانی تێنەگەیشتم بەڵام هەستم پێکرد و دواتر خەسووم  بۆی وەرگێڕام. تەنانەت دکتۆرەکە ئەوەشی گوتبوو کە کچانی هۆڵەندی بەبێ هیچ گرفتێکیش هەر دێن بۆ لای پزیشك بۆ ئەوەی پەردەی کچێنییان بۆلابەرن.

دکتۆرەکە کەسێکی زۆر باش و بەبەزەی بوو، وەك ئەوە نەبوو کە یەکەم ڕۆژ هاتم و خەسووم باسی کردن.

ئەوە بوو دکتۆرەکە پێیگوتین دەبێت بەیانی بگەڕێنەوە بۆ لای و خودی خۆشی نەشتەرگەریم بۆ ئەنجام دەدا.

ڕۆیشتینەوە ماڵەوە، شەو یوسف لە ئیش گەڕایەوە، دایکی قسەکانی دکتۆرەکەی بۆ باس کرد، هەرچەندە بە لایانەوە زۆر قورس بوو، بە تایبەتی بۆ یوسف، بەڵام دواجار بڕیاریاندا بەوەی کە پزیشکەکە نەشتەرگەرییەکەم بۆ ئەنجام بدات.

هەستم بە لاوازی خۆم دەکرد، ڕۆحم لە ناخەوە ئەنجن ئەنجن ببوو، وەك مرۆڤێکی ناتەواو خۆم دەبینی، وەك بوکەڵەیەک وابووم بە دەستیانەوە، دەیانهێنام و دەیانبردم، هیچ بڕیارێك لە دەستی خۆمدا نەبوو،

تەنانەت بەبێ ڕەزامەندی ئەوان نەمدەتوانی تەلەفون بۆ دایکم بکەم، چەند خولەکێك زیاتر بۆم نەبوو قسە بکەم، کاتێك قسەشم دەکرد خەسووم لە تەنیشتم ڕادەوەستا بۆ ئەوەی هیچ دەردە دڵێک بۆ دایکم نەدرکێنم، ئیدی بەیانیەکەی ڕۆیشتینەوە بۆ لای دکتۆرەکە، بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکم پێبگات نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام دام.

لەو ڕۆژەوە و تاوەکو هەنووکەش هەمیشە وەك ئەوەی کە نەنگییەکی گەورەم هەبووبێت بە بەردەوامی بە چاوی دادەدەنەوە، من بڵێم چی، مەگەر دایکی یوسف و یوسف موسڵمان نیین، بۆ دەبێت نارەزای لە کارێك دەربڕن کە خوڵقێنەرەکەی خوداوەند بێت.

تاوەکو ئەم ساتەش یوسف هیچ خۆشەویستییەکی بۆ دەرنەبڕیوم و ئامادە نییە کە لەگەڵم بڕواتە دەرەوە، یان ماڵم بۆ جیابکاتەوە، تەنانەت لەدوای ئەوەش کە دووگیان بووم، هەرکات قسەیەکیشم لەگەڵ بکات ئەوا بە تورەییەوە دەیکات، هەرچەندە هیچ شتێکیش ناکەم کە دەرچوون بێت لە فەرمانییان، هەموو ڕۆژێك دەڕوات بۆ کار و ئێوارە درەنگانێك دێتەوە ماڵ، ڕۆژانی پشووش هەر وەك جاران لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەڕواتە دەرەوە و درەنگانێکی شەو بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە.

ئەم بەیانیە یوسف هەستا و بەڕێکەوت بۆ سەر کارەکەی، منیش کاتێك کە بە ئاگا هاتم خەریك بوو هەناسەم دەوەستا، خۆم پێنەگیرا و لەدوای ئەو منیش لە ماڵ دەرچووم بەبێ ئەوەی دایکی ئاگاداربێت، ئەمە یەکەم جارمە بەبێ ڕەزامەندی ئەوان کارێکی لەم شێوەیە دەکەم، ئەگەر بهاتایە و نە هاتمایەتە دەرەوە، لەوانەیە دڵم بوەستایە، ئیدی نازانم بۆ وام لێهاتووە دەبێت هۆکارەکەی دووگیانیەکەم بێت، یاخود غەم و خەفەت بێت.

ئەمیرە بەدەم گێڕانەوەی ئازارەکانی هەر لەخەمی ئەوەدابوو کە کاتەکەش درەنگە و دەبێت بڕواتەوە ماڵەوە.

ئەمیرە هەستا و ڕۆیشت بەبێ جێهێشتنی هیچ ئامرازێکی پەیوەندی، نە ژمارە تەلەفۆن، نە ئامادەش بوو ناونیشانی ماڵی خۆیانم پێبدات، من ژمارەی تەلەفۆنی خۆم لە پارچە کاغەزێکدا بۆ نووسی و هەندێك باسی مافەکانی خۆیم لەم وڵاتەدا بۆ کرد، بەوەی کە چۆن دەتوانێت ڕەزامەند نەبێت بەو ژیانە پڕ لە ئازارە و خۆی ئازاد بکات.

ئەوە زیاتر لەساڵێکە چاوەڕوانی هەواڵێکی ئەمیرەم، هەر کات دەڕۆمە دەرەوە، بەردەوام لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان وێستگەی پاس و شەمەندەفەر لە چاوگێڕاندام بەدوایدا، بۆ ئەوەی هەواڵێکی بزانم.

ئەمیرە هەتا ئێستاش هەر چاوەڕوانم..

2018-04-10